# دڵنیام پاش خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە تێر پێدەکەنی ,

# بەڵام بیربکەرەوە بۆئەوەی کەمێکیش بۆژیانی ئەمرۆت بگریت.

باوکی لۆڤان

پاڵەوانەکانی ئەم چیرۆکە کارەکتەری واقعی ناو ژیانی رۆژانەی ئێمەن, نە پاڵەوانی فلیمەکانی هۆلیودن, نەکارەکتەری نێو چیرۆکەئەفسانەیی‌یەکانی بەرئاگردانی کوردەواری, نەخێر.. پاڵەوانەکانی ئەم چیرۆکەش دووکارەکتەری سەردەمی گڵۆباڵ ودیموکراسی شارەکەمن,ئەوانیش دابەشبوونە سەر دوبەرەی جیاوازی خێرو شەڕ,شوین سلێمانی‌و زەمەنێکی هەنووکەیی ,هەفتەیەك بەرلە ئەمرۆ لەیەکێك لەسەر شەقامەکانی شارەکەم دەستەیەك پۆلیسی هاتووچۆ بەنیازی رێکخستنی قەرەباڵغی ناوشارو لێپرسینەوە لەو شۆفێرانەی سەرپێچی یاسایی دەکەن, بۆسەیەکی ئاشکرایان دانابوو,ئیدی ئۆتومبێلێك هاتبوو ویستبووی نەوەستێ, پۆلیسێکی هاتووچۆ بەنیازی وەستاندنی چووبوە بەردەمی, کەچی ئەو بەخێراییەکی زۆر ڕووەو پۆلیسەکە دەڕواو هەڵدەکوتێتەسەری بەو نیازەی لێی بداتو دەربازی بێت, پۆلیسەکەش هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نامێنێ‌و بە ناچاری لەتاو گیانی خۆی لەسەر سنگ خۆی هەڵدەداتە سەر بۆنیتی سەیارەکە,بەڵام شۆفێرەکە دلڕەقانە بەخێراییەکی زیاتر پێی لێدادەگرێ‌و پۆلیسەکە دەفرێنێ‌و هەموو سنورەکانی ئادابی مرۆڤایەتی پێشێل دەکاو لە بۆسەکە دوردەکەوێتەوەو زیکزاك بە ئۆتۆمبیلەکەی دەکا بەنیازی فرێدانی, بەڵام پۆلیسەکە توند خۆی بە فلچەی جاموبۆنیتەکەوە دەگرێ‌و ناهێڵێ بکەوێتە خوارەوە, بەم شێوەیە ڕووداوەکە یان وەك پۆلیسەکە خۆی دەڵێت فلیمەکە ماوەی 45دەقیقە دەخایەنێ ولەماوەیەشدا چەندین جار هەوڵی ناجوامێرانەی داوە تا زیانی گیانی‌و جەستەیی بەپۆلیسەکە بگەیەنێ,چەندین جار خێراییەکەی زیاد کردوەوەو ستۆپی توندی گرتووە بەنیازی فرێدان‌و خستنە خوارەوەی, لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ پۆلیسەکەدا ووتی : ( **کورەکاکە چیت بۆ بگێڕمەوە لەماوەی 45 دەقیقەدا چل جارمردم‌و زیندوو بوومەوە, ئەوەی من بەسەرم هات ناگێڕدرێتەوە, کوڵانەو کوڵانی گۆێژەی پێکردم, بەدارو بەردیدادام..ڕۆحی لێدەستاندم‌و دەیدامەوە..بەشەقامەکاندا دەیخولاندمەوە هاوەڵەکانم‌و خەڵکی تریش بەدوامانەوە بوون, خەڵکی سەرجادەو کوڵانەکانیش وایان دەزانی خەریکی پرۆڤەی فیلمێکی سینەمایی یان درامای تەلەفزیۆنین,من لەتاو گیانی خۆم ئاگام لە دەورو بەرم نەبووە,ئەگەرچی پاڵەوانێکی فلیمەکە خۆم بووم بەڵام منیش گوێ لە هاوەڵەکانم‌و ئەوانەدەگرم کەبۆم دەگێڕنەوە**) چ کارەساتێکە یاران..؟ لە چیرۆکی ئەم پۆلیس‌و شۆفێرەدلڕەقەدا, دەتوانین گەلێك دەلالەتی گەندەڵی‌و بێدەربەستیلەمەڕ بەهاکانی مافی مرۆڤو پروپاگەندەودرۆو دەلەسەکانی سەروەری یاسا بخوێنینەوە,ئەوەتا مرۆڤێك دەیەوێت شار ڕێك بخاتەوەو ژیان ئارامتر بکا لەوەی کە هەیە بەڵام یەکێکی تر دەخوازێ بەغروری خۆی ژیانمان لێبکاتە دۆزەخوناشرینتری بکات , سەیرە یاسایەك هەبێت بەئاسانی مرۆڤی ئاوا فاشل بخاتەوە سەر جادەو نێو ژیانی رۆتینی هاوڵاتیانەوە, بەتایبەتی نمونەی ئەم جۆرەکەسانە رۆژانە رووبەروومان دەبنەوە مۆڕە دەکەن‌و پێشت پێدەگرن‌و دێنە سایتەکەتەوەو هۆرینی ناشارستانیانەت بۆ لێدەدەن,باشە وا گریمان,ئەم پۆلیسە بەرێك کەوتنێکی خێلەکیانە یان بەچاو سوورکردنەوەی بەرپرسێك یان بە بەرتیلێکی نایاسایی دەست بەرداری مافی خۆی بوو,ئەی یاسا دەڵێ چی؟ ئەوەی پێی دەوترێت مافی گشتی (حق العام) داخۆ ئەم جۆرە کەسانە یاسا چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات؟ بەتایبەتی لە ئەمرۆدا کە ووڵات لەبەردەم بنیاتنانەوەدایە؟ ئایا بە نامەی بەرپرسێك یان بەتەلەفۆنی بابایەکی قسە رۆیشتوو,کێشەکە چارەسەر دەکەن؟ یان بەڕاستی دادگا ئیشی خۆی دەکات؟لەراستیدا هەق وایە ئەمەی دووەمیان بکات, چونکە ئەوانەی داکۆکی لەم جۆرەکەسە دلڕەقانە دەکەن دڵنیام هەر ئەوکەسانەن کە نانیان لەسەر خەڵکانی ئاژاوە گێڕە !زۆربەشیان ئەو جۆرە کەسە فشەکەرانەن کە لەدەرەوەی دادگا دەستەواژەی سەروەری یاسامان پێدەفرۆشنەوە,ئەوانەن خەریکی سوڵح‌وسەفای خەڵکانی گۆڵمەزچی دەکەن,ئەو گۆڵمەز چیانەی خەڵکی تەندروستولاشەڕ توشی کێشەو بێنەو بەردە دەکەن,ئەوانەی داکۆکی لە خەڵکی یاسا شکێن دەکەن خۆیان نایانەوێت یاسا بەرقەرار بێت,چونکە ئەگەر وابێت لەسەر ئاژاوەی کێ مەجلیسی سوڵح‌وسفرەی ئاشتبوونەوە برازێننەوەوپارووی چەوریش بگلێنن‌و شەهامەتیشیان بۆ بمێنێتەوە؟من لێرەوە بەو پۆلیسە بەرێزە دەڵێم لێبوردن جوانترین سیفەتی مرۆڤە بەڵام هەموو زوڵمێکیش قابیلی لێبوردن نیە, لیبوردنیش پابەندە بە ئازادی‌وکەرامەتی مرۆڤەوە,هەرگیز لێبوردن واتایەکی بەرەڵایانەی نیە ,ماڵێکی بێدەرگاوپەنجەرە نیە,مرۆڤی لیبوردوو چەندە گەورەیی مسۆگەر دەکات هێندەش هوشیاری بەرهەم دینێ .

**لە هەموو ئەوانەش سەیر تر لەو چیرۆکەدا دەوری خەم ساردانەی بڵاوکراوەکان بوو,شارەکەمان پتر لە 20رۆژنامەو هەفتەنامەو ماگنامەی تێدا بڵاو دەبێتەوە نەك هەر خاوەن ئیمتیازوسەرنوسەرەکانیان بەڵکو پەیام نێروهاوکارەکانیشیان,ئەگەر هەمووشیان ئۆتومبیلیان پێنەبێت زۆر بەیان پێیانە,هەیانە دووسیم کارتی ئاسیاوساناوهاندێکی لەگیرفاندایە,کەچی بێ ئاگابوون یان بێ خەم بوون لە سەرنج راکێش ترین دیمەنی نایاسایی شارەکەیان !دیمەنێك کە حورمەتی حکومەت‌و یاساو مافی مرۆڤی تیدا پێشێلکرا.**